# لەكارو چالاكییەكانی نوێنەرایەتی كوردستانی "یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە عێراق"

**ڕاپۆرتە هەواڵی ژمارە(3)** **ئامادەكردنی: ئەكرەم محمد**

1/ كۆبونەوەی (وەستا مهدی رسول) ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی كوردستانی (یەكێتی شوراوسەندیكا كرێكاریەكان لەعێراق) لە2006/12/10 لەگەڵ ژمارەیەك لە كرێكارانی عەرەبی كۆچكردو بۆ كوردستان بە مەبەستی دابین كردنی بژێوی خۆیان و خێزانەكانیان و قسەوباسێك كە لە كۆبونەوەكەدا كرا لەسەر هەلومەرجی گرانی ژیان و گوزەرانی ئەو كرێكارانەو كەمی كرێیەك كەبەوان دەدرێت سەرەڕای نەبونی هیچ لێپرساوەتیەك لە ڕوی یاساییەوە لە بەرامبەریان دەكرێت لە لایەن خاوەنكارەكانەوە كە هاودەردی كرێكارانی كوردستانیشە و ئەم كرێكارانە لە كەمترین ئاستی حەوانەوەی ئینسانی بێبەشن و تەنانەت لە زۆربەی شوێنەكانی كاروژیانیاندا كۆیلەیەتیان پێدەكرێت و هەلاّواردنی نەتەوەیی و دینیش سیمایەكی بەرچاوی ڕۆژانەی كاركردنیانە ، كرێكارەكان خۆشحالیەكی زۆریان دەربڕی بۆ ئەو بەسەركردنەوەو سەردانەی نوێنەرایەتی یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە كوردستان وە هەر لەوێدا (وەستا مهدی رسول) ئەوەی پێڕاگەیاندن كە نوێنەرایەتیمان لە كوردستان بانگەوازێك لە ئاستی ناوخۆو جیهانیدا دەردەكات لەپێناو ئاوڕدانەوەو بەهاناچونی ئەو كرێكارانە كەبونەتە قوربانیەكی تری شەڕە ناوخۆو نەهامەتیەكانی داگیركردنی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی لە عێراق و شەڕی تایەفەگەری ومەزهەبی تیرۆرستان وحیزبەكانیان ، بڕیارە بەدوادا چون و ڕێگەچارەی گونجاو بخرێتە بەردەم لێپرساوانی كوردستان بۆ چارەكردنی كێشەكانیان لەلایەن (یەكێتی شوراو سەندیكاكرێكاریەكان لە عێراق)...

2/سەردانی (سالم عبید) ئەندامی دەستەی كارگێڕی (یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە عێراق) بۆ كوردستان لە 2006/12/11و بەسەركردنەوەی خولی ڕاهێنانی (ڕابەریكردن وبەڕێوەبردنی سەندیكا كرێكاریەكان) كە لە شاری سلێمانی بۆ مانگێك بەڕێوە دەچێت ، مەبەستی ئەم سەردانە ئەوەبوو هاوپشتی وخۆشحاڵی سەراسەری كرێكارانی ئەندام لە (یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لەعێراق) بگەیەنێتە بەشداربووانو، كرێكاران هاودەست و یەك پارچە لەبەردەم خەباتیان لە عێراق و كوردستان ڕێكخراو و یەكسەنگەر بوەستن لەپێناو بەدەستهێنانی داخوازیەكانیاندا، لەلایەن بەشداربووانەوە پێشوازیەكی گەرمی لێكراو خۆشحاڵی و دڵخۆشی ئەو بەسەركردنەوەیە سیمایەكی چینایەتی دور لە جیاوازی نەتەوەیی پێوە دیاربو كە ڕۆژانە دەسەلاّت و خاوەنكارەكان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا لە نێوان كرێكاراندا تۆوی دوژمنایەتی دەچێنن ...

3/سەردانی كەناڵی سلێمانی تەلەفزیۆنی ئازادی حیزبی شیوعی كوردستان لە 2006/12/11 بۆ خولی ڕاهێنان بۆ كرێكارانی هەڵسوڕاو لە بواری سەندیكایی و ئامادەكردنی ڕیپۆرتاجێكی وێنەیی و ئەنجامدانی چاوپێكەوتن لەگەڵ بەشداربووان و بەڕێوەبەری خولەكە (ئەكرەم محمد) ومیوانی خولەكە (سالم عبید) و (خالد شریف) بەڕێوەبەری ڕێكخراوی گەشەپێدانی دیموكراسی (سویدی) كە ڕۆڵێكی بەرچاویان گێڕا لە سازدانی خولەكەدا كە هەمان ئێوارە لەو كەناڵەوە بۆ ماوەی 25 دەقیقە پەخشكرا كە لەلایەن كرێكارانی بەشداربووەوە لەیەكێك لە گەڕەكە كرێكار نشینەكانی سلێمانیدا بەهاواری ئەوە خولەكەی خۆمانە كرێكاران سەیركەن و چەپڵە ودڵخۆشی كرێكارانی لاو لە یەكێك لە دوكانەكانی گەڕەكدا پێشوازی گەرمی لێكراو لە زۆر لاوە بە تەلەفۆن وپیرۆزبایی ئەو كردنەوەی خولە لە نوێنەرانی (یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە كوردستان) دەكرا ...

4/ چاوپێكەوتنی (ئەكرەم محمد، سالم عبید، حسین صالح) نوێنەرایەتی (یەكێتی شوراو سەندیكا كرێكاریەكان لە عێراق وكوردستان) لەگەڵ (زمناكۆ عزیز) سكرتێری ڕێكخراوی كوردستانی (حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق) لە 2006/12/10 لە شاری سلێمانی وتاوتوێ كردنی وەزعی سیاسی عێراق وكوردستان وهەلومەرجی گوزەرانی كرێكاران وداخوازیەكانیان وجێگەورێگەی ڕێكخراوە كرێكاریەكان و چۆنیەتی بردنەپێش و بەهێزكردنی گیانی هاوپشتی وزاڵبوون بەسەر عەقلّیەتی بیرۆكراسی ناو سەندیكاكان كە ڕێگریەكی بەرچاوە لە چونە پێشی بزوتنەوەی كرێكاری وبەهێزكردنی گیانی یەكگرتوویی و ڕێكخراوەیی كرێكاران ورێكخراوە جەماوەریەكاندا، هەرلەم دانیشتنەشدا (زمناكۆ عزیز) هەموو هاوپشتیەك و هاوكاریەكی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقی پێڕاگەیاندن و دوپاتیكردەوە كە هەر چۆن حیزب لەسەرەتای دروستبونی یەكێتی شوراو سەندیكاكان پشت وپەنای كرێكاران وسەندیكاو ڕێكخراوەكانیان بووە وە هەوڵیداوە بۆ بەهێزكردنی پەیوەندی وهاوپشتی لەگەڵ سەندیكا ورێكخراوە كرێكاریەكانی جیهان، ئێستاو لەمەودواش بەشۆڕوشەوقێكی بەهێزترەوە پەیوەندیەكان و هاوكاری لەپێناو سەرخستنی بزوتنەوەی كرێكاری و داخوازیە ڕەواكانی كرێكاران لە شوێنی كارو كارگەو گەڕەكەكانیان خەبات دەكەین و كرێكاران لەم خەباتەیاندا تەنها نین و حیزب هەمیشە لەپشتیانە بۆ هەركارێك كەدەستی بۆ دەبەن، وەفدەكەش خۆشحاڵیان پێڕاگەیاندن و لە كەش و هەوایەكی پڕ لە هیواو ئارامیدا چاوپێكەوتنەكە كۆتایی هات.

5/ لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵێك لە گەنجانی شاری سلێمانی بۆ کۆبونەوەیەك لە شەوی 18و2006/12/19 (ئەکرەم محمد) نوێنەری کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق)و ژمارەیەك لەنوێنەری حیزب و ڕێکخراوی مەدەنیەکان ولاوان تێیدا بەشداریانکرد لەپێناو دارِشتنی یاداشتنامەیەك لەبەرامبەر حکومەتی ئەمریکا وەك نارِەزایەتی خەڵکی کوردستان لە راپۆرتەکەی (بێکەر-هاملتۆن)و خۆئامادەکردن بۆ سازدانی خۆپیشاندانی جەماوەری لە شاری سلێمانی لە رۆژی 2006/12/20 کە دواتر لەلایەن پارێزگاری سلێمانیەوە بە بیانوی تەواو نەبونی رۆتینی کاری رێگە پێدانی خۆپیشاندانەکە رێگری بۆ دروستکراو پاش هەرِەشەو چاوسورکردنەوە لە ئامادەکەرانی نەیانهێشت خۆپیشاندانەکە بکرێت و دواخرا.

6/ لەسەر بانگهێشتی (تەها ئەحمد محمود و عوسمان حمە سعید) ئەندامانی لقی سلێمانی (سەندیکای کرێکاران وپیشەوەرانی کوردستان) بۆ (ئەکرەم محمد) نوێنەری کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) لە پێناو بەسەرکردنەوەی خولێکدا کە ئەوان بەرِێوەیان ئەبرد بۆ ماوەی سێ رۆژ لە 19-2006/12/21 لەژێرناوی (بەرِێوەبردنی سەندیکا) بەرِێوەچوو، ئەکرەم محمد دەستخۆشی و خۆشحاڵی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان)ی پێراگەیاندن لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کرێکارانداو هاوئاهەنگی رێکخراوە کرێکاریەکان لە پێناو سەرخستن و بەدەستهێنانی داخوازیەکانی کرێکاران و سەربەخۆیی چینی کرێکار لە هەر دەستێوەردانێکی دەسەلأتداران و حیزبەکانیان و خاوەن کاران دا لە کاری رێکخراوەیی و سەندیکاییاندا کە بۆتە کۆسپو رێگری لە چەند ساڵی رابردووی خەباتی کرێکاران دا و بەشێوەیەکی کورت خاڵی بەهێزکردنی بنچینەی رێکخراوە کرێکاریەکانی لە شێوە بەرێخستنی کۆبونەوە گشتیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی کرێکاران لەو رێگەیەوە وبەرگرتن بە هەموو شێوازێکی شاراوەی سات و سەودا کردن لەگەڵ خاوەن کاران و دەسەلأتدا، وە لە وەلأمی چەند پرسیارێك کەلەلایەن کرێکارانی بەشداربووی خوولەکەوە کرا لەلایەن (ئەکرەم محمد) وەلأمیان پێدرایەوە کە جێگەی دەستخۆشی و خۆشحاڵی کرێکاران بوو، لەکۆتایی خولەکەدا بەڵگەنامەی دەرچووانی خوولەکە لەلایەن (وەستا ابراهیم و ئەکرەم محمد و عوسمان حمەسعید) وە دابەشکرا وە لەلایەن زۆرێك لە بەشداربووانەوە ئامادەیی پێکەوە کارکردن نیشاندرا لەگەڵ (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان)کە زۆر بەخۆشحاڵیەوە پێشوازیان لە باسەکانی دەکرد.

7/ پاش نیوەرِۆی 2006/12/23 لە چوارچێوەی خولی هۆشیاری کرێکاراندا لە لایەن نوێنەرایەتی کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) سیمینارێك بۆ (زمناکۆ عزیز) سکرتێری رێکخراوی کوردستانی (حککع) رێکخرا لەژێرناوی (هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکەی بێکر-هاملتون) کە تێیدا سیاسەتەکانی ئەمریکاو کارەساتە زیانبارەکانی بەسەر کرێکاران و جەماوەری عێراق دا قسەیان لەسەرکراو بەهاتنی ئەم راپۆرتەو درێژەدان بەو سیاسەتە دژی ئینسانیەو توند کردنەوەی شەری تایەفەگەری ونەتەوەیی و ئیمتیازدان بە باڵەکانی لایەنگر لە ئەمریکاو ئەوانەشی کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی بەشێکن لەو ئیمتیازە لە ژێر ناوی بەرەنگاری (مقاوەمە)و وەزعیەتی هەڵپەسێردراوی کوردستان و مانەوەی دەرفەتێك بۆ خەڵکی کوردستان لە پێناو برِیاردانی ئازادانە لە ریفراندۆمێکدا بە جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لە کوردستاندا، کە خەڵکی کوردستان دەتوانن پشت بە هێزی دژی شەرِو سیاسەتەکانی ئەمریکا ببەستن لەم پێناوەدا کە هەر ئێستا هاتونەتە پاڵ (کۆنگرەی ئازادی)کە یەکێك لە سیاسەتە ستراتیجیەکانی کۆنگرە ریفراندۆم وبرِیاری ئازادانەی خەڵکی کوردستانە.